# چارەسەرکردنی کەلێنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیدا

د. فرهاد تۆفیق حسن

farhad.hasan@univsul.edu.iq

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/بەشی وەرگێران

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە : ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (چارەسەرکردنی کەلێنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیدا)، تیشکدەخاتەسەر پرسی نەبوونی ژمارەیەکی زۆری زاراوە و نەبوونی هەندێک وشە لە هەندێك بواری زمانی کوردیدا، ئەمەش یەکێکە لەو بابەتانەی زۆرترین مشتومڕی زانستیی بەتایبەت لەلایەن پسپۆڕە جیاوازەکان و کەسانێک، کە سەروکاریان لەگەڵ نوسین و وەرگێراندایە، دەکرێت. کەلێنی فەرهەنگیی، فۆکەس دەخاتەسەر نەبوونی وشەیەک یان دەربڕینێکی دیاریکراو لە زمانێکدا بۆوەسفکردن و پەسنکردنی چەمکێک یان شتێك، کە بوونی هەیە، ئەم کەلێنانەش بەهۆی هۆکاری کەلتوری، کۆمەڵایەتیی، ژینگەیی، ...)هوە سەرهەڵدەدەن. لەگەڵ بوونی چەندین هۆکار بۆ سەرهەڵدانی کەلێنی فەرهەنگی، بەڵام پسپۆڕانی دەرەوەی زانستی زمان، وەك تاکە هۆکارێك بۆ کەموکورتی زمانی کوردی دەیگەڕێننەوە، کە ئەمەش لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا وەك بۆچوونێکی نازانستی و بێئاگاییانە لە زانستی زمان و بەبڕشتیی فەرهەنگی زمانی کوردی شرۆڤەدەکرێت، بۆ سەلماندنی ئەم گریمانە زانستییە، توێژینەوەکە بۆ دوو بەش جیادەکرێتەوە، بەجۆرێك لە بەشی یەکەمدا لایەنی تیۆری تایبەت بە کەلێنی فەرهەنگیی دەخرێتەڕوو، هەروەك ناساندنی کەلێنی فەرهەنگی و جۆرەکانی و کاریگەریی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بەگشتی شیدەکرێتەوە، لە بەشی دووەمیشدا جگە لەباسکردنی ئاستی کەلێنی فەرهەنگیی و هۆکارەتایبەتەکانی لەزمانی کوردیدا، کردەکییانەو بە نمونەی پێویست بەرجەستەی چۆنیەتیی چارەسەرکردن و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی لە زمانی کوردیدا دەکرێت، هاوکات جگەلە ئەنجام، کۆمەڵێک ڕێگەو ڕاسپاردە بۆ بەگەڕخستنی ڕێکارە زمانییەکان پێشنیازدەکرێت.

**کلیلە وشە:** کەلێنی فەرهەنگی، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کەلێنی فەرهەنگی، ڕێگاچارە زمانییەکان، ڕێگاچارەنازمیانییەکان، پرۆسەمۆرفۆلۆژییەکان، پرۆسەسینتاکسییەکان

### ١/١. پێشەکی

زمان وەک کەناڵی سەرەکی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان کاردەکات، لەگەڵئەوەشدا هیچ زمانێک کۆگای وشەسازیی، بەشی پڕکردنەوەی هەموو پێویستییەکانی ئاخێوەرانی ناکات، بۆ نمونە لە هەر زمانێکدا هەندێک چەمک هەیە، وشەیەکی فەرهەنگی بەرامبەریان نییە، زمانەوانەکان ئەم بابەتەیان بە کەلێنی فەرهەنگی ناساندووە.

### ١/١-١.ناونیشان و سنوری توێژینەوە:

توێژینەوەکە لەژێر ناونیشانی (چارەسەرکردنی کەلێنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیدا)یە. لە کەلێنی فەرهەنگیی و ڕێگاچارەکانی لەناو زمانداو بەتایبەت لە زمانی کوردیدا دەکۆڵێتەوە، بەمەش توێژەر ناچێتەنێو وردەکاریی و هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی پێشتر لەسەر وشەسازی و فەرهەنگی زمانی کوردی کراون، بەڵکو جەخت لەسەر کەلێنی فەرهەنگی و دیاریکردنی ئەو ڕێگا زۆرانەی زمانی کوردی خستونیەتییە بەردەم ئاخێوەرانی، دەکاتەوە.

### ١/١-٢.گرنگی کەلێنی فەرهەنگیی و هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

کەلێنی فەرهەنگی یەکێکە لەو بابەتە زمانییانەی، کە تەنیا پەیوەست نییە بە خودی زمانەوە، بەڵکو پەیوەستە بە گۆڕانکاریی و ئاستی پێشکەوتنی زۆربەی کایەکانی ژیانەوە، وەکو ( کەلتورو کۆمەڵایەتیی، دنیابینی، سیاسەت، ئاین، سەرجەم زانستەکانی دیکە)، ئەمەش گرنگیی توێژینەوە لەسەر بابەتەکە دەردەخات، بەتایبەت لە زمانی کوردیدا، چونکە بەداخەوە زۆرکات کەسانی نەشارەزا لە زمان و زانستی زمان زۆر بێپەروا و بێباکانە ئۆباڵی کەلێنی فەرهەنگیی دەخەنە ئەستۆی زمانی کوردی و زمانەکە بە زمانێکی هەژار دەناسینن، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیرو هزرو پەروەردەی تاک و نەوەی نوێ دروستکردووە، بەجۆرێك هەستی خۆبەکەمزانییان تیادا داکوتاوە، بەسەپاندنی ئەم بیرکردنەوە هەژارانەیان، کە لە بێئاگایيان دەربارەی زانستی زمان سەرچاوەیگرتووە، وەهادەکەن شوناسی کورد بشێوێنن، چونکە بەڵگەنەویستە کە زمانی کوردی بنەمایەک و هۆکاری سەرەکی ناساندن و پاراستنی شوناسی نەتەوەییمانە، ئەم بنەما سەرەکییەش، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت.

### ١/١-٣. کەرەستەی توێژینەوەکە:

جگەلە نمونەی زمانەکانی تر کە لەبەشی یەکەمدا بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتە تیۆرییەکە خراونەتەڕوو، کەرەستەی توێژینەوەکە تەنیا ( دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست – شێوەزاری سلێمانی)یە.

### ١/١-٤.پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوە

بەپێی توێژینەوە لە هۆکارەکان و ستراتیژییەکانی چارەسەرکردن بۆ کەلێنی فەرهەنگیی و بەدەستهێنانی ئەنجامەکان، ئامانجی توێژینەوەکە لە بەشداریکردن لە تێگەیشتنێکی قوڵتر لە جیاوازییەکانی نێوان زانستی زمان و سروشتی دینامیکی زمان و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، دیاریدەکەین:

- کەلێنی فەرهەنگیی چییەو چۆن دروستدەبێت؟



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- ئایا بوونی کەلێنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیدا کەموکورتی و نەنگییە؟
- ئەو بوارانە چین لە زمانی کوردیدا کەلێنی فەرهەنگیی تیایدا زۆرە؟
- ئایا زیادبوونی کەلێنی فەرهەنگیی و چارەسەرنەکردنی پەیوەستە بە کەموکورتی زمانی کوردییەوە ؟ یان ئاستی ئاخێوەرانی زمانەکەو دامودەزگا حکومییەکان و بواری ئەکادیمیا لێی بەرپرسیارن؟
- ئەو رێگاچارانە چین کە زمانی کوردی خستونیەتییە بەردەم ئاخێوەرانی، تا بتوانن کەلێنی فەرهەنگی پێچارەسەربکەن ؟

**١/١-٥. رێبازی توێژینەوەکە:**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەو خستنەڕووی بابەتەکان و گەیشتنە دەرئەنجامەکان، رێبازی (پەسنی- شیکاری) پەیرەوکراوە.

**١/١-٦. پێکهاتەی توێژینەوەکە**

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ کەلێنی فەرهەنگیی و تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانیان و هۆکارە سەرەکییەکانی بوونی کەلێنی فەرهەنگیی لەگەڵ ئەو ستراتیژییە جۆراوجۆرانەی زمانەکان بۆ چارەسەرکردنی کەلێنی فەرهەنگیی بەکاریدەهێنن، وەک (وشەخواستن، کالک، نیولۆجیزم و گۆرانی واتا،...) لەخۆدەگرێت. هەروەها باس لە کاریگەرییە پراکتیکییەکانی کەلێنی فەرهەنگیی لە ( وەرگێران، فەرهەنگسازی و فێربوونی زمان)دا دەکات. بەشی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە کەلێنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو ستراتیژو رێگاچارانەی زمانی کوردی خستونیەتە بەردەم ئاخێوەرانی، تاوەکو بتوانێت وشەو زاراوەی گونجاو و هاوتا بەرامبەر بەو چامک و شانە دابنێت، کە لە زمانەکەدا نین.

دواتر کۆمەڵێک راسپاردەی گرنگ پێشکەشکراون، بۆئەوەی لایەنی پەیوەندیدار هەڵبستێت بە ئەو بەرپرسیارێتییەی کە لەسەرشانیەتی، تاوەکو فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر ببێت و کەلێنی فەرهەنگیش بە رێژەیەکی باش چارەسەر بکریت.

پاشان ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، خراونەتەڕوو، لە کۆتایشدا لیستی ئەوسەرچاوانەی بەکارهێنراون لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی، نوسراون.

**٢/١.چەمک و پێناسەی کەلێنی فەرهەنگیی:**

کەلێنی فەرهەنگیی، ئاماژەیە بۆ نەبوونی وشەیەک هەمبەر بە چەمکێک لە زمانێکدا، کە بە وشەیەک لە زمانێکی دیکەدا کۆدکراوە .(Haspelmath , 2009: 157-193) ئەم کەلێنانە بەهۆکاری جۆراوجۆری (زانستی زمان، مێژوویی و کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی)وە سەرهەڵدەدەن و ئالانگاریی لە (وەرگێران، فێربوونی زمان و زانستی زمانی بەراوردد) دروستدەکەن. لێکۆڵینەوە لە کەلێنی فەرهەنگیی لە زانستی زماندا، سەرنجێکی بەرچاوی خراوەتەسەر، بەتایبەتی لە توێژینەوەکانی وەرگێران، فەرهەنگسازیی و زانستی زمانی بەراوردکارییدا(Newmark , 1988:45) ئەم

sjh@univsul.edu.iq

کەلێنانە زۆرجار جیاوازییە بنەڕەتییەکان لە چۆنیەتی پۆلێنکردن وبەرجەستەکردنی جیهان، لەناو زمانەکاندا دەردەخەن، بۆ نمونە، وشەی ئەڵمانیی *Schadenfreude* (چێژبینینی بەدبەختی خەڵک) بەبێ وەرگێڕان یان خواستنی وشە (loanword) ناتوانرێت بە وشەیەکی تایبەتی ئینگلیزی دەرببڕدرێت .(Wierzbicka, 1997:33) هەروەها، لە زمانانی وەک کۆریدا، جیاوازییەکانی پەیوەندیی خێزانی بە وشەی تایبەت دەخرێنەڕوو، وەک *hyeong* (براگەورە) و *nuna*(خوشکەگەورە) (Brown & Yeon, 2015) . بەڵام لە زمانی کوردیدا، وشەکانی*کاکە* (براگەورە) و *دادە* (خوشکەگەورە) بەکاردەهێنرێن بۆ نیشاندانی هەمان جیاوازییەکان .(Hassanpour, 1992:11) ئەم جیاوازییانە پەیوەندییان بە ڕەگەزی زمانەوە هەیە و ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکهێنانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

کەلێنی فەرهەنگیی کاتێک ڕوودەدات، کە زمانێک وشەیەکی بۆ دەربڕینی چەمکێکی تایبەت نەبێت، لەکاتێکدا لە زمانێکی دیکەدا هەبێت.(Crystal, 2010:3) دیاردەی کەلێنی فەرهەنگیی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە (زانستی زمان، فەرهەنگسازیی و توێژینەوەکانی وەرگێڕان)دا لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوەو کاتێکیش ئەم کەلێنانە پەیدادەبن، کە زمانێك لە هەمبەر زمانێکی دیکەدا وشەیەکی دیاریکراوی بۆ چەمکێک نەبێت.

کەلێنی فەرهەنگیی تەنیا گرفتی زانستی زمان نییە، بەڵکو کاریگەری پراکتیکییان لە چەندین بواردا هەیە. لە پەرەسەندنی زماندا، کەلێنی فەرهەنگیی ڕەنگدانەوەی ڕێڕەوی گەشەسەندنی زمانەکان و گونجاندنیانە لەگەڵ گۆڕانکارییە کەلتوری و تەکنەلۆژییەکان(Lehmann, 1992:44) . دەکرێت هەندێک کەلێنی فەرهەنگیی بەدرێژایی کات بەردەوام بێت، چونکە دەشێت چەمکێک لەکۆمەڵگایەکدا هەبێت و وشەو زاراوەی تایبەتی بۆ دانرابێت، بەڵام لەناو ئاخێوەرانی زمانێکی تردا چەمکەکە بوونی نەبێت، هەربۆیە ئەو زمانە پێویستی بە وشەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو چەمکە نییە.

لە وەرگێڕاندا کەلێنی فەرهەنگیی ئاڵانگاری بەرچاو دروستدەکات، زۆرجار وەرگێڕەکان بۆ وەرگێڕانی زاراوەیەکی تایبەت لەڕووی کەلتورییەوە، کە هاوتایەکی ڕاستەوخۆیان لە زمانی دووەمدا نییە، توشی کێشە دەبن (Baker, 1992:12). لەم جۆرە حاڵەتانەدا ستراتیژییەکانی وەرگێڕان وەک ( وشە خواستن، کالک، یان نیولۆجیزم) بۆ پڕکردنەوەی کەلێنییەکە بەکاردەهێنرێن، بۆ نمونە وشەی ژاپۆنی tsundoku (کڕینی کتێبێک، کە هەرگیز ناخوێنێتەوە) لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی هاوتای نییە، بۆیە پێویستی بە دەستەواژەیەک، یان دەربڕاوێکی تر بۆ ڕوونکردنەوەی هەیە.

لە فێربوونی زماندا، فێرخوازانی زمانی دووەم (L2) زۆرجار ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە لە دەربڕینی ئەو بیرۆکانەی، کە لە زمانی زگماکی خۆیاندا بەیەک وشە یان زاراوە دەربدەبڕن و لەزمانی دووەمدا وشەی هاوتای نییە. ئەمەش پەیوەندی بە فەرهەنگی هەردوو زمانەکەو فێربوونی زمانەوە هەیە، کە نەبوونی هاوتایەکی ڕاستەوخۆ دەتوانێت ببێتەهۆی ناڕوونی واتا یان لێکدانەوەی هەڵە (Cowie, 1999:34-35). فەرهەنگنووسەکان چالاکانە کار بۆ دیاریکردنی ئەو جۆرە کەلێنانە دەکەن و ئەگەرە هاوتاکانیان، لەرێگەی خواستنەوە یان هەر یەکێک لە ڕێگاکانی تر، بۆ پێشنیازدەکەن.

**١-٢/١. . پێناسەکردنی کەلێنی فەرهەنگیی :**

لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە، کەلێنی فەرهەنگیی وەک کەلێن و کەلێنی سیستماتیکیی لە فەرهەنگی زمانێکدا پۆلێندەکرێن. بەپێی هاسپێلمات (2009) کەلێنی فەرهەنگیی کاتێک دروستدەبێت، کە چەمکێک بە ئاسانی دەتوانرێت بە بەکارهێنانی وشەیەک پەسنبکرێت، بەڵام فۆرمێکی وشەیی تەرخانکراوی نییە. ئەمەش جیاوازە لە کەلێنی چەمکیی، لەگەڵ کەلێنە پراگماتیکییەکان، کە چەمکەکان لە کەلتورێکی دیاریکراودا بوونیان نییە.

نیومارک (1988) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کەلێنی فەرهەنگیی بە تایبەتی لە وەرگێراندا کێشەدارن، چونکە پێویستیان بە ستراتیژی قەرەبووکردنەوە هەیە وەک (خواستن، کالک، یان دەستەواژەی وەسفکەر) . بۆ نمونە ئینگلیزی یەک وشەی هاوتای زاراوەی ڕوسی (toska) " тоска " نییە ، کە (ئازاری قووڵی ڕۆحی، حەسرەت، یان خەمۆکی وجودیی) دەردەبڕێت. بەهەما شێوە لە زمانی توركیدا هاوتایەکی ڕاستەوخۆی بۆ کرداری ئینگلیزی ”to miss“ (بە واتای حەسرەتی کەسێک) نییە ، لەبری ئەوە دەستەواژەی " özlemek " کە بە واتای (هەستکردن بە تامەزرۆیی کەسێک) دێت، بەکاردەهێنێت.

**٢-٢/١. جۆرەکانی کەلێنی فەرهەنگیی:**

**یەکەم/ کەلێنە سیمانتیکییەکان**

کەلێنی واتاسازیی کاتێک سەرهەڵدەدات، کە زمانێک زاراوەیەکی نەبێت بۆ دەربڕینی چەمکێک کە لە زمانێکی تردا هەیە. ئەمەش زۆرجار بۆ جیاوازی لە چەمکی کەلتوری یان مەعریفیدا دەگەڕێتەوە. بۆ نمونە زمانی ئینگلیزی هاوتایەکی ڕاستەوخۆی وشەی ئەڵمانی شادنفریودی Schadenfreude نییە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو چێژەی کە لە بەدبەختی کەسێکی دیکەوە وەرگیراوە، هەروەها وشەیەکی وەك (پێرەش)، بەهۆی بنەما کەلتورییەکەیەوە، وشەیەکی هەمان چەمکی لە زمانی ئینگلیزیدا نییە.

**دووەم/ کەلێنی مۆرفۆلۆژیی:**

کەلێنە مۆرفۆلۆژییەکان کاتێک ڕوودەدەن کە سیستەمی وشەسازی زمانێک ڕێگە بە دروستکردنی زاراوەیەک نادات، هەرچەندە پەیرەوی لە نەخشە مۆرفۆلۆژییە پێشبینیکراوەکان دەکات .(Bauer, 2001:49) نمونەیەک لە زمانی ئینگلیزیدا بۆپێچەوانەی وشەی (happy) وشەی (unhappy) هەیە بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزی ڕێگا بەدارشتنی وشەی (unsad) نادات وەکو پێچەوانەی وشەی (sad). بەهەمان شێوە لەزمانی کوریدا بۆ دروستکردنی ناوی پیشە وشەی (مسگەر)مان هەیە بەڵام وشەی (شانۆگەر)مان نییە سەرەڕای هەبوونی وشەی شانۆگەریی، لەبری ئەوە وشەی شانۆکار بەکاردەهێنرێت یاخود وشەی (تەنەکەگەر)مان نییە لەبەر ئەوەی وشەی (تەنەکەچی)مان هەیە.

**سێیەم/ کەلێنی ڕستەسازیی:**

کەلێنە ڕستەسازییەکان کاتێک هەن کە زمانێک دروستە ڕستەسازییە پێویستەکانی بۆ دەربڕینی چەمکێکی دیاریکراو بەهەمانشێوەی زمانێکی دیکە نەبێت .(Comrie, 1989:92-97) بۆ نمونە هەندێک زمان، وەک چینی،

دروستەی بکەرنادیارییان نییە، ئەمەش وایکردووە وەرگێرانی ڕاستەوخۆی دروستەی بکەرنادیار لە ئینگلیزییەوە چالاکتر بێت.

**چوارەم/کەلێنی کەلتوریی:**

کەلێنە کەلتورییەکان لە ئەنجامی نەبوونی چەمکە کەلتورییە تایبەتەکان لە زمانێکدا سەرچاوە دەگرن، کە دەبێتەهۆی وشە بۆ (شتە تایبەتەکان، بۆنە و نەریتەکان، ئەرکە جێبەجێکراوەکان .(Wierzbicka, 1997:34) بۆ نمونە وشەی ژاپۆنی (وابی-سابییە) کە واتای قەدرزانییەکی جوان بۆ ناتەواوی و نابەردەوامی لەخۆدەگرێت، چەمکێکە، کە ڕاستەوخۆ وەرناگێردرێتە سەر زمانی ئینگلیزی، هەروەها لە زمانی کوردیدا وشەکانی وەك (هەوێ، ژنبەژن، شیربایی، گورەبە بچوک، پێرەش..)، کە هەڵقوڵاوی کەلتووری کوردییە، لە زمانێکی وەك ئینگلیزیدا هەمبەر بەو چەمکانە وشەیەکی دیاریکراو نییە.

**پێنجەم /کەلێنی فۆنۆلۆژیی:**

کەلێنی فۆنۆلۆژی کاتێک ڕوودەدات، کە فۆرمێکی وشەی ئەگەری لە زمانێکدا بەهۆی کۆتوبەندی فۆنۆلۆژییەوە بوونی نەبێت(Kenstowicz, 1994:75-80). بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی blick لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە ئەگەری هەیە، بەڵام وەک وشەیەکی باو بوونی نییە، یان لە زمانی کوردیدا کە هەرگیز دوو بزوێن بەیەکەوە نایەن، ناکرێت وشەیەك سازبکرێت یان بخوازرێت کە دەنگی جووتە بزوێن لەتەکیەکدا بن، یان نەبوونی دەنگی ڤاوڵ لە سەرەتای بڕگەو وشەی زمانی کوردییەوە، ڕێگە لە هەر وشەیەکی وەرگیراو دەگرێت کە بە دەنگی بزوێن دەستپێبکات، بڕوانە وشەی (ورکشۆپ)، بەهۆی یاسا فۆنۆلۆژییەکەوە، ڕێگری فۆرمێکی وەك (ۆرکشۆپ) دەکرێت و بەم فۆرمە وشەکە ناتوانێت جێگەی خۆی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بکاتەوە، مەگەر گۆڕانکاری لە فۆنۆلۆژییەکەیدا بکەین و بە (وۆرکشۆپ) دەریببڕیین و بینوسین.

**٣/١. هۆکارەکانی دروستبونی کەلێنی فەرهەنگیی:**

یەکەم / **جیاوازی کەلتووری:**

گۆڕانکاری لە ئەزمون و پراکتیکە کەلتورییەکاندا، دەبێتە بنەمایەك بۆ جیاوازیی کۆگای وشەسازیی زمانەکان. هەر کۆمەڵگایەک پەرە بە نەریت و دابونەریتی ناوازە دەدات، کە هەندێکیان لەلایەن کەلتورەکانی دیکەوە هاوبەش نین، لە ئەنجامیشدا کەلێنی فەرهەنگی پەیدادەبێت.

دووەم/ **ئابووری زمانیی (کورتبڕیی):**

هەندێک زمان پوختی کورتبڕی دەکەن و کەرەستە گرنگەکان دیاریدەکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی نەهێشتن و لابردنی ئەو وشانەی، کە لە زمانە وەسفکەرەکاندا بوونیان هەیە. ئەم بنەمایە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە بۆچی هەندێک زمان لەبری پەرەپێدانی دانانی یەک وشە بۆ چەمکێک پشت بە دەربڕینی داڕێژراو دەبەستن.

sjh@univsul.edu.iq

سێیەم/ **گەشەسەندنی مێژوویی:**

پەرەسەندنی مێژوویی زمانەکان رۆڵێکی بەرچاو لە کەلێنی فەرهەنگییدا دەگێرێت. ڕەنگە کەلێنە فەرهەنگییەکان بەهۆی بارودۆخی مێژووییەوە سەرهەڵبدەن، وەک فەتحکردن، کۆچکردن، یان بەرکەوتن و تێکەڵبوونی زمانەکان .(McMahon, 1994:130-135)

**چوارەم / جیاوازیی مەعریفی:**

زمانە جیاوازەکان، بەشێوازی جودا دەروبەرو دنیای ڕاستەقینە کۆددەکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لە چۆنیەتیی پۆلێنکردنی چەمکەکاندا. ڕەنگە هەندێک زمان هەندێک بیرۆکە لە یەک وشەدا تێکەڵبکەن، لە کاتێکدا هەندێکی تر دەتوانن بەسەر چەندین بابەتی وشەیی جیاوازدا دابەشیانبکەن، پەیوەست بەمە بڕوانە پۆلکردن و ناونانی ڕەنگەکان لە زمانی کوردی هەمبەر بە زمانی ئینگلیزی.

پێنجەم/ **سنورداركردنی دروستەی وشە:**

هەندێک زمان سنوردارکردنی مۆرفۆلۆژیی یان فۆنۆلۆژییان هەیە، کە دروستکردنی بابەتی وشەیی چاوەڕوانکراو سنوردارەدەکات (Matthews 1991 ). بۆ نمونە، لەکاتێکدا ئینگلیزی ڕێگە بە پێشگری un- دەدات بۆ نەرێکردنی سیفاتەکان (بۆ نمونە، ناخۆش)، بەڵام ڕێگە بە هەموو پێکەوەگرتنی ئەگەریی نادات، وەک.unsad

**٤/١. چارەسەرکردنی کەلێنی فەرهەنگیی**

زمانەکان ستراتیژی جۆراوجۆر بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگیی بەکاردەهێنن، ئەمەش دڵنیاییدەدات، کە قسەکەران دەتوانن چەمکە نوێیەکان بە شێوەیەکی باش دەربڕن .ئەم ستراتیژییانە لە خواستنی وشە لە زمانەکانی ترەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە سازکردنی وشەی نوێ لەڕێگەی ئاوێتەکردن، وەرگرتن، یان تێکەڵکردنەوە , Haspelmath) .(2009:157-193سەرەڕای ئەوەش، زمانەکان پشت بەشێوازی بازنەیی دەبەستن، بەمەش ڕەنگە واتای وشەهەبووەکان فراوانبکەن، یان هەوڵی ستانداردکردن لەڕێگەی پلانی زمانییەوە جێبەجێبکەن ,Aitchison) .(2012:4. پەیوەست بەمە لە زمانی کوردیدا زۆر وشەی فەرهەنگی لە کاتێکی دیاریکراودا بە واتایەکی فەرهەنگی بەکارهاتووەو دواتر بەکارهێنانی وشەکە کەمبووەتەوەو لە ئێستادا بە واتایەکی دیکە بەکاردەهێنرێت، هەروەك وشەی (تیاترۆ)، کە بەواتای سەکۆی شانۆ بەکارهاتووە، بەڵام پاش لەکارکەوتنی واتاکەی لە ئێستادا بە هەمان فۆرم بە واتایەکی نەرێنی بەکاردەهێنرێت، بەمپێیە دەتوانرێت وشەکان جارێکی دیکە نوێبکرێنەوەو بۆ بوارێك لە بوارەکان بسازێنرێن.

**١.خواستنی وشە:**

خواستن کاتێک ڕوودەدات، کە زمانێک وشەیەکی بیانی وەربگرێت، یان فۆرمی ڕەسەنی خۆی دەهێڵێتەوە یان دەستکاری بکات، بۆئەوەی لەگەڵ فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیی ڕەسەنی زمانەکەدا بگونجێت، ئەم پرۆسەیە شێوازێکی بەربڵاوە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگیی، بەتایبەتی لە بوارەکانی وەک تەکنەلۆژیا، پزیشکی و کەلتوریدا خواستن

یارمەتی زمانەکان دەدات بەخێرایی چەمکە بیانییەکان وەربگرن، هەرچەندە هەندێک لە کۆمەڵگاکان بەرەنگاری پشتبەستنی زۆر بە وشەو زاراوەی خواستراو دەبنەوە.(Haugen, 1950:210-231)

**خواستنی سروشتی/ ڕاستەوخۆ:**

هەندێک وشە بە کەمترین گۆڕانکاری فۆنێتیک یان دروستەیی دەچنە ناو زمانەکانەوە .نمونە لەوانە:

خواستنی وشەی pizza پیتزا لە زمانی ئیتاڵییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی .

خواستنی وشەی ( taksi فەرەنسی) بۆ زمانی عەرەبی

خواستنی وشەی "Robot" لە زمانی چیکییەوە بۆ چەندین زمان.(Anderson, 2015:18)

**خواستن بەگونجاندنەوە :**

زۆرجار وشە خوازراوەکان، گۆڕانکارییان بەسەردادێت، بۆئەوەی لەگەڵ فۆنۆلۆژیی یاسازمانییەکانی زمانەکەدا بگونجێت:

Telephone (English) TE-le-phone → [ˈtɛ.lɪ. foʊn]

Telephone (German) TE-le-fon → [ˈte. Le.foːn].

Telephone (Turkish)te-le-FON [tɛ.lɛ.ˈfon].

کۆمپیوتەر ← کۆمپیوتێر (ڕووسی، ئۆزبەک)

Computer (English) com-PU-ter → [kəmˈpjuːtɚ]

Computer (Russian) ком-ПЬЮ-тер → [kɐmˈpʲjutʲɪr]

Computer (Uzbek) kom-PYU-ter → [kʊmˈpʲʉtɛr]

گوگڵ ←گوگلەه (ئیتاڵی) (Crystal: 2010:78)

Google (English) GOO-gle → [ˈguːgl]

Google (Italian) GOO-gle → [ˈguːglɛ]

**٢. خواستنی چەمک/ کاڵك (Calque)**

بریتییە لەوەی، کە وشە بیانییەکان پێکهاتە بە پێکهاتە وەربگێڕدرێن نەک ڕاستەوخۆ قەرزبکرێن. خواستنی چەمک وردبینی چەمکیی دەپارێزێت لەهەمانکاتدا تایبەتمەندیی زمانیی دەپارێزێت، هەرچەندە هەندێکجار دەربڕینی نائاساییی یان ناسروشتی لێدەکەوێتەوە .(Winford, 2003:13) . هەروەك:

Black marketبازاڕی ڕەش

Lion's shareپشکی شێر

**٣. سازکردنی وشە:**

نیولۆجیزم، دروستکردن و هێنانەئارای وشەی نوێیە، کە قەرەبووی کەلێنی فەرهەنگیی دەکاتەوە. ئەم وشانە لەڕێگەی تێکەڵکردن و داڕشتن و لێکدانەوە سەرهەڵدەدەن(Bauer, 2001:48) . نیولۆجیزمەکان نەرمی زانستی زمان زیاددەکەن، هەرچەندە پێویستیان بە بەکارهێنانی بەرفراوان هەیە، تاوەکو دەچەسپێن.(Aitchison, 2012:5)، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا هەریەك لە بەرهەمهێنانی وشەی (بازنە) هەمبەر بە لق و کۆمیتە، (هەڵسوڕاو) هەمبەر بە کادێر، (زیرەکی دەستکرد)، بریتین لە نیۆلۆجیزم کە کەلێنی فەرهەنگیی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی پڕکردووەتەوە.

تێکەڵکردن :

وشەی نوێ بە تێکەڵکردنی وشەی هەبوو دروست دەبێت:

Webinar = website + seminar

Branch = breakfast + lunch

Motel = motorist + hotel

داڕشتن

سەرجەم ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لەڕێگەی لاگرەکانەوە دروستدەکرێن، هەروەك پاشگری نە لە (نەخۆش و نەکردە)دا، پاشگری (انە) لە نوقڵانەو جەژنانەدا کە هەریەکەیان کەلێنێکی فەرهەنگیی زمانی کوردی پڕکردووەتەوە.

"Unfriend" (un- + friend).

(Plag , 2003:23)  "Deplane" (de- + plane)

لێکدان

لە لێکدانی چەند فۆرمێکەوە بەرهەمدەهێنرێت:

Sunblock = sun + block

Icecream = Ice + cream

**٤. فراوانکردنی واتایی:**

زمانەکان هەندێکجار واتای وشەکان فراواندەکەنەوە، بۆئەوەی چەمکە نوێیەکان بگرێتەوە(Bybee , 2015:19) . درێژکردنەوەی واتا لەرووی ئابوورییەوە، وشەکان دووبارە بە واتای نوێوە بەکاردەهێنرێتەوە، هەرچەندە لە هەندێک حاڵەتدا ئەم درێژکردنەوەی واتاییە دەبێتەهۆی ناڕوونی .(Lakoff , 1987:45 ) نمونە لەوانە:

(کۆمپیوتەر ئامێری ← مشک) "mouse/مشک".

(ئینتەرنێت ← کتێب) "book mark/نیشانەکردنی کتێب ".

(ئامێری ئەلیکترۆنی ← تاتەقورینە) "tablet/تابلێت ".

**٥. داڕشتنەوە/ سەرلەنوێ داڕشتنەوە:**

کاتێک زمانێک یەک وشەی بۆ چەمکێک نییە، قسەکەران لەبریئەوە دەستەواژەی وەسفکەر بەکاردەهێنن. هەرچەندە ڕێگایەکی کاریگەرە، بەڵام زۆرجار داڕشتنەوە کەمتر باوترە/ کارامەییە و ستانداردکردنی قورسترە (Trask, 2007:25) (محمد، ٢٠١٦:٥١) نمونە:

".کێشان بەناوچەوانی خۆدا لە بێزارییدا" ← " Facepalm "

"ڕۆژی دوای سبەی" ← "دوسبەی".

**٦. دەزگای زاراوەدانان:**

دەزگاکانی دانانی زاراوە، وشەی نوێ دادەڕێژن بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگیی (Haugen, 1983:210-231). ئەمڕێگایە ناسنامەی زمانیی دەپارێزێت، هەرچەندە سەرکەوتنی بەپێی قبوڵکردنی کۆمەڵگا دەگۆڕێت بۆ نمونە:

لیژنەی زمانی ئایسلەندی لەبریئەوەی وشەی" کۆمپیوتەر " قەرز بکات، " tölva " ی داهێنا.

ئەکادیمیای فەرەنسی فرانسیس لەبری وشەی " email" وشەی " courriel " پێشنیازدەکات ( Görlach , 2002:21).

**٧. سازکردنی وشە لەسەر بنەمای وشەدان/کۆرپەس و بە یارمەتی زیرەکی دەستکرد AI**

تەکنەلۆژیای مۆدێرن، ڕێگە بە سازکردنی وشە دەدات، کە بە زیرەکی دەستکرد AI بەڕێوەدەچێت لەسەر بنەمای شیکاری کۆرپوس AI کەلێنەکانی وشەسازیی دیاریدەکات و وشەی نوێ بە پشتبەستن بە شێوازەکانی بەکارهێنان

پێشنیازدەکات .زانستی زمانی کۆمپوتەریی یارمەتی سازکردنی وشە لە زمانە کەم سەرچاوەکاندا دەدات (Bender & Koller, 2020:11). شێوازەکانی پشتبەستوو بە زیرەکی دەستکرد AI چارسەری داهێنەرانە دەخەنەڕوو، هەرچەندە وەرگرتنی پێویستی بە پشتگیری کەلتوری و دامەزراوەیی هەیە

**بەشی دووەم/ چارەسەرکردنی کەلێنی فەرهەهەنگیی لەزمانی کوردیدا**

**١/٢. کەلێنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیدا**

وەک لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا ئاماژەمانپێدا، کەلێنی فەرهەنگیی دیاردەو بابەتیکی گشتییەو لە هەموو زمانەکاندا بە ڕێژەی جیاواز هەیە، زمانی کوردیش وەک یەکێک لەو زمانانە کەلێنی فەرهەنگیی لە بوارە جیاوازەکان و زانستە جیاوازەکانیدا هەیە، بەڵام بە ئاستی جیاواز، لەبواری تەکنەلۆژیاو کۆمپوتەرو زانستەپەتییەکاندا ڕێژەکەی زۆرترە تا بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

یەکێك لەو بوارانەی فەرهەنگی زمانی کوردی کەمترین کەلێنی فەرهەنگی هەیە بواری ئاژەڵدارییە، کورد زۆر بە وردی ناوی لە ئاژەڵەکان ناوەو بەپێی تەمەن و شێوەو ڕەنگ و ڕوخسارو باری زاوزێش جیایکردونەتەوە، بۆ نمونە لێرەدا تەنیا ئەو وشانە ئاماژەپێدەدەین کە بۆ ناوی بزن دانراون:

**لەسەر بنەمای تەمەن:**

کاریلە/ کارژیلە، کار، گیسک

گیسکە نێر، کور/نێری، خرت، سابرێن

گیسکە مێ، چوێشتیر، بزن

- **لەسەر بنەمای شێوە،** ڕەنگ، ئەندام و حاڵەت، چەندین وشەی بۆ داتاشیوە، هەروەك:

**ڕەنگ/** بزنەپۆش، بزنەخەزاڵ/مس، بزنەڕەش، بزنەسپی، بزنەشین، بزنەزەرد، بزنەبەڵەک، بزنەدووڕ، بزنەقەشان

**ئەندامی جەستە/** شاخدار، کۆڵ، گوێلوول/گوێشمشاڵ، کەڕ، گوێپان، گوارەدار

- **لەسەر بنەمای حاڵەتەکانی زاوزێ، گۆشتنی و جیاکردنەوە،** وشەگەلێکی بۆ بەرهەمهێنراوە :

**زاوزێ/** بەتەکە/بەنێری، قسر، ئاوس، بەراویتە، دوانکە ، نەبان

**گۆشتنی/** پڕ، لات، لەڕ، لاواز، ئایاخ، بوژاو

**جیاکردنەوە/** گەلە/ گەلەکردن (کۆمەڵ کۆمەڵ جیایانبکەیتەوە)، هەڵهاویشتن/هەڵاوێردکردن، ئایاخ (جیکردنەوەی لات و بوژاو و بچوکەکان/ بە خودی بزن یان گیسکێکی لاتیش دەوترێت ئایاخ)، داکردن (کردنە حەوشە یان خان یان کوزەکەیان)

- **لەسەر بنەمای شوێن** واتە لەوەڕگا یان شوێنی لەوەڕاندنیان، چەند وشەیەکی تایبەتی بۆ داهێنراوە، بۆ نمونە:

**مۆڵ/** مۆڵگە ( شوێنی مۆڵاندنیان لە نێوان یان هەرکاتێکی تر بێت بۆ پشو و کاوێژکردنیان)

**کۆز /** ( شوێنی ڕاگرتن و هێشتنەوەی کاریلەکانە لە ماڵەوە، کە ئاسایی بە چیلکەو دار، یان بە تامان/تەیمان (چنین بە شواڵک) دروستدەکرێت .

**حەوشە/** ( ئەو شوێنەیە کە لەماڵەوە، چواردەوری پەرژینکراوەو دەرگای تێکراوە، لە وەرزی کۆتایی بەهارو هاوین و سەرەتای پایز بەکاردەهێنرێت).

**خان/** هەندێکجاریش (گەوڕ) بۆ شوێنی داکردن (کردنەژوور)ەوەیانە لەوەرزی باران و سەرما.

وەک دەبینین لەناو کێڵگەی واتایی ئاژەڵ و ئاژەڵداریدا، زمانی کوردی فەرهەنگەکەی دوڵەمەندەو وردەکاری زۆری تێدایە لە ناونان و پۆلێنکردنیاندا، کە رەنگە بەراورد بە زمانێکی وەك ئینگلیزی فەرهەنگێکی پرو بەبرشت بێت.

بوارێکی دیکە، کە فەرهەنگی کوردی کەمترین کەلێنی فەرهەنگی تێدایە لە نواندنی دەنگە سروشتییەکانە، ورد لێبڕوانیوەو بۆ هەر حاڵەتێکی مرۆڤ، یان بۆ بەشیکی زۆری دەنگی ئاژەڵەکان ناوی جیاوازیان بۆ داناوە، بۆ نمونە:

- **بۆ شێوازو دەربڕین و دەنگی مرۆڤ،** چەند فۆرمە زمانییەکی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەیە، بۆ نمونە:

قسەکردن، گفتوگۆکردن، وتووێژکردن، دەردەشتەکردن، خۆدواندن، لەبەرخۆوە قسەکردن، لەبنلێوەوەو قسەکردن/ درکاندن، بەخشکەیی دەربڕین، وڕێنەکردن، پرسیارکردن، قسەلێدەرهێنان/بنکەوتن، زمانلوسیکردن، ماستاوکردن، پیاهەڵدان، هەڵنان، ڕێخۆشکردن، ..... ،

جنێودان، سەرزەنشتکردن، تەمبێکردن، ئامۆژگاریکردن، ڕێنماییکردن، ڕێنیشاندان، ......،

بۆڵەبۆڵ، شاتەشات، هاوارکردن، هاوارهاوار، قیژاندن، قیژەقیژ، دەمەدەم، چەقەچەق، فڵتەفڵت، نوزەنوز، مینگەمینگ، سرتەسرت، چپەچپ،...،

دەربڕین، خوێدنەوە، گۆرانی وتن، مەقامبێژان، خوێندن،..)

تەنانەت جیاکردنەوەی هەندێکیان لەنێوانی نێرو مێدا، بۆ نمونە (هاوارکردن، هاوارهاوار) بۆ پیاو بەکاردێت، لە بەرامبەردا ( قیژاندن، قیژەقیژ، دەمەدەم) بۆ ئافرەت بەکاردەهێنرێت، بێگومان چەمکی هەر یەکێک لەمانەش جیاوازەو کەرەستەی تویژینەوەی ترە.

- **بۆ ناونانی دەنگی ئاژەڵەکان، ئەم فۆرمە واتاییانە بەرهەمهێنراوە:**

کەو قاسپاندن/خوێندن

چۆلەکە جریواندان

کۆتر گماندن

کەڵەشێر قوقاندن/ خوێندن

مریشک قرینگاندن/گارەگارکردن

قاز قیڕاندن

بولبول خوێندن/جریکاندن

قژاڵکە قژاندن

قشکەڵە قڕاندن

شێر نەڕاندن

گورگ لوڕاندان

سەگ وەڕین/حەپاندن

پشیلە میاواندن

سمۆرە تراندن

ئەسپ حیلاندن

گوێدرێژ زەڕاندن

مانگا بۆڕاندن

بزن باڕاندن/قاڕاندن

مەڕ باعاندن

کەروێشک پرخاندن

سیسرکە سریوەسریو/سریواندن

چەقەڵ /ڕێوی واقاندن

مێشولە/زەردەواڵە جیزاندن

سیچڕکە/زیترە زریکاندن/زیکەزیک

ئەم وردەکارییە لە ناونان و پۆلێنکردنی دەوروبەردا - بێگومان ئەمە تەنیا لەیەک شیوەزردا، بەبێ وەرگرتنی وشەکانی زارو زارۆچەکاکانی تری زمانی کوردی- دەیسەلمێنێت، کە زمانی کوردی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی لە بواری ئاژەڵداری و پۆلێنکردی دەوروبەردا هەیە، ئەم بۆچوونە بۆ بواری کشتوکاڵ و بۆ کایەکانی تری ژیانی کۆنی کوردەوارییی دروستە، بەڵام لە ژیانی نوێ و سەردەمی پێشکەوتی بەردەوام و گۆرانکارییە خێراکان و جیهانگەرایی و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا، فەرهەنگی زمانی کوردی وەکو پێویست گەشەینەکردووە، ئەمەش وایکردووە لەبوارەکانی

تەکنەلۆژیا، زانستە جیاوازەکاندا تاڕادەیەکی زۆر کەلێنی فەرهەنگیی بۆ دروستبوویێت، ئەمەجگلەوەی کە بنەمای جیاوازیی کەلتووری، لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، هونەری، ئایینی، چەندین کەلێنی فەرهەنگی بۆ دروستببێت، لێرەدا بە دروستی دەزانم سەرنجی خوێنەر لەسەر چەند نمونەیەکی بەراوردکاری چڕبکەمەوە:

دەستەواژەی ئەدەبی/ وشەی novel لە زمانی کوردیدا بە ڕۆمان وەرگێردراوە، لەکاتێکدا وشەی roman فەرەنسییە.

هەریەك لەم وشە و زاراوە ئینگلیزییانە، فۆرمێکی تایبەتی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا نییە:

دیموکراسی democracy

ئاریستۆکراسی aristocracy

دیپلۆماسی diplomacy

پۆپۆلیزم populism

لە زمانی ئینگلیزیدا دەستەواژەی Domino effect بە دۆخێك دەوترێت کە شتێك دەبێتەهۆی ڕوودانی زنجیرەیەك ڕووداوی هاوچەشن، هەروەك سەرهەڵدانی شۆڕش لە وڵاتێك کە ببێتەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕش لە چەند وڵاتێکی دیکە.

نمونەیەکی دیکە دەستەواژەی Balancing act کە دەستەواژەیەکی تایبەتی لە زمانی کوردیدا نییە، بە واتای کەسێك یان لایەنێك یان وڵاتێك هەوڵدەدات، دڵی دوو یان چەند لایەنێك ڕابگرێت، لە هەمانکاتیشدا بەرژەوەندیی خۆی بپارێزێت، وەکئەوەی ئێستا هەندێك وڵات لە شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیا دەیکەن، واتە هیچکام زویرناکەن و لەگەڵ هەردوو وڵاتیشدا بازرگانی دەکەن.

دەستەواژەیەکی دیکە کە هەمبەری بە زمانی کوردی نییە، Cottage industry، بە واتای پیشەسازیی بچووک یان پیشەسازیی دەستیی، دێت، بەڵام لە هەندێک دەقدا ئەو واتایەی نییە، هەروەك لەم ڕستەیەی خوارەوەدا:

This debate about sex and law became a cottage industry for feminist academics.

وشەیەکی دیکەی وەك welfare state کە بە دەوڵەتی بەختیاری وەرگێردراوە، بەشێك نییە لە فەرهەنگی زمانی کوردی، یان وشەیەکی وەك backyard لە دەقی ئاساییدا بە واتای حەوشەی پشتەوەیە، بەڵام لە هەندێک دەوروبەردا ئەو واتایە ڕاست نییە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا هاتووە:

crimes committed in our own backyard

واتە: ئەو تاوانانەی لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆماندا ڕوودەدەن.

سەبارەت بە بواری ئایینی، کۆمەڵێك وشە هەن کە لەڕووی پلەوپایەی ئایینیەوە ڕۆڵ و ئەرکیان جیاوازە، لە زمانی کوردیدا بە قەشە وەرگێردراوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە Priest قەشەی کاسۆلیکە، Pastor قەشەی پرۆتیستانتە، Bishop و Patriarch پلەوپایەیان لە ئەوانی دیکە بەرزترە.

sjh@univsul.edu.iq

کۆمەڵێك وشەو دەستەواژەی وەك Company، Corporation، trust, cartel کە تایبەتن بە بواری بازرگانی لە زمانی کوردیدا، هەمبەرییان نییەو پەیوەست بە زمانی کوردییەوە کەلێنی فەرهەنگییان هەیە، لە بواری زانستیشدا هەریەك لە وشەکانی (Space، illusion، singularity، anhedonia، alexithemya، hypnagogia، Ego dystonia، folie a deux)، هیچ بەرامبەرێکیان لە زمانی کوردیدا، نییە.

نمونە هێنراوەکان، تەنها مشتێکە، بۆ خستنەڕووی کەلێنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، کە بەهۆکارگەلێك هاتوونەتەئاراوە، بێگومان هۆکارەکانی دروستبونی ئەم کەلێنە فەرهەنگییانە جگەلەو هۆکارانەی لەبەشی یەکەمدا خراونەتەڕوو، کە گشتین و بۆ هەموو زمانەکان راستن، هاوکات کۆمەڵێک هۆکاری ترهەن کە تایبەتمەندن بەزمانی کوردی و بارودۆخی ئاخێوەرەکانی زمانی کوردییەوە، لە وەچەپاری دووەمدا دەیخەینەڕوو.

**٢/٢. هۆکارەکانی پەیدابوونی کەلێنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیدا :**

کەلێنی فەرهەنگیی، لە هەموو زمانێکدا هەیە، بەپێی لێوردبوونەوەو تێبینیکردن و توێژینەوەمان لەم بابەتە، کۆمەڵێك هۆکار بنەمای دروستبوونی ئەم کەلێنەن، کە بە چەند خاڵێك ئاماژەی بۆدەکەین:

یەکەم/ نەبوونی دەوڵەتی کوردی: نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، بەتایبەتی لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی کەلێنی فەرهەنگییە لە زمانی کوردیدا، ئەمیش بە چەند شێوەیەک

1. لەبەرئەوەی زمانی فەرمی دەوڵەتە سەردەستەکانی (زمانی سیاسەت، زمانی کارگێری، زمانی یاسا، زمانی ئایین) زۆربەی کات زمانێکی بێگانە بووە نەک زمانی کوردی، ئەمەش وایکردووە کە وشەو زاراوە نوێکان لەو زمانانە بێگانانەوە وەربگیرێن.
2. دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێکی تردا و تێکەڵبوون و بەیەکداچوونی هەر پارچەیەک لەگەڵ زمانێکی ترو دابڕانیان لەیەکتر، هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی کەلێنی فەرهەنگییە.
3. گرنگینەدان بە زانست و زانیاری و پشتیوانی و هاندان بۆ پێشکەوتن و دۆزینەوەو داهێنان.
4. لەبەرئەوەی دەوڵەتی خۆی نەبووە، کەمتر گرنگیداوە بە دانانی دەزگاو دامەزراوەی تایبەت بە زمان و فەرهەنگ و زاراوەدانان، دروستبوونی کۆڕی زانایانی کورد لەدوای ڕێککەوتننامەی (بەیاننامەی) یانزەی ئازارەوەو پێشکەشکردنی ئەو خزمەتە باشەی زمان و فەرهەنگی کوردی لەلایەن کۆڕیی زانیاری کوردەوە، ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنێت.
5. خێرابوونی ڕووداو و گۆڕانکاری و پێشکەوتن و داهێنانەکان، ئەمەش پێویستی بە حکومەتێکی خەمخۆری زمانەکە هەیە تا ناوەند و دەزگای تایبەت بکاتەوە بۆ گەشەپێدانی فەرهەنگی زمانەکە و بتوانێت لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا هەنگاوبنێت، بێگومان دەوڵەتی سەردەستەش ئەم خەمخۆرییەی بۆ زمانەکەی خۆی هەبووە نەک زمانی کوردی.

دووەم/ دواکەوتنی کردنەوەی زانکۆ و بەشە زانستەییەکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان بەراورد بە وڵاتان و زمانەکانی تر.

دوووەم/ بێپلانی و بێخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە زمانی کوردی، لەم چەند خاڵەدا دەیخەینەڕوو:

1. نەنووسینەوەی فەرهەنگی کوردی، ئەوەی تا ئێستا نوسراوە بەگشتی بەپێی زانستی زمان و بنەماکانی فەرهەنگنووسی نەنوسراونەتەوەو زۆربەی هەرە زۆریان بەرهەمی دڵسۆزی و هەوڵی تاکەکەسین، نەک دەزگایەکی ئەکادیمی، بەڵکو لەشێوەی وشەنامەدا نوسراونەتەوە، نەک فەرهەنگ (معجم، Lexicon)، هەروەها زۆربەشیان لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان نووسراون، نەک لەلایەن حکومەتی هەرێم و هاوکاری و پشتیوانی هەرێمەوە نووسرابن، بێگومان نووسینەوەی فەرهەنگ کارێکی ئاسان نییەو بە هەوڵی تاکەکەسی فەرهەنگێکی زانستییانە بەرهەمنایەت.
2. دانەمەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە زاراوەدانان، تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزگایەکی تایبەت بە دانانی زاراوەی دانەمەزراندووە، بۆیە زۆربەی زانستەکان یان زاراوە بیانییەکان وەکخۆی بەکاردەهێننەوە، یاخود بەهەوڵی تاکەکەسی زاراوە دادەڕێژن، ئەمەش وایکردووە زاراوەی هەمجۆرو جیاواز بەرامبەر بە یەک زاراوەی بیانی دابنرێت و زۆر جاریش زاراوەکان دروست چەمکەکان نەپێکن.
3. چارەسەرنەکردنی گرفت و بابەتە کێشەدارەکانی زمانی کوردی بە هەماهەنگی ناوەندە ئەکادیمییەکانی زمانی کوردی، لەبەر نەبوونی پلان و نەبوونی هەماهەنگی. هەندێک بابەتی کێشەدار لەزمانی کوردیدا هەن، لەوانە ( فۆنێمی واوی درێژ، بوون و نەبوونی دیفتۆنگ، ڕێنووس و دروستنووسی،..) پێویستە دوائەوەی بە توێژینەوەی زانستی بابەتەکان یەکلاییکرانەوە هەموو لایەک پێوەی پابەندبن و حکومەت بە فەرمی گشت ناوەندەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە ناچاربکات پەیڕەویبکەن .
4. دروستکردنی هەماهەنگیی لەنێوان دەزگا ئەکادیمییە زمانییەکان و کەناڵەکانی پەخشکردن و بڵاوکردنەوە و بریادانی پێویست و گرتنەبەری ڕێکاری پیویست بۆ ڕامکردن و کۆنترۆڵکردنی دەزگاو ناوەندەکانی چاپو بڵاوکردنەوەو پەخشکردن و ڕیگریکردن لە سەربەخۆ کارکردن و بێسەروبەرەیی لە دانانی زاراوەدا.


سێیەم/ دنیابین و بیری ناوچەگەرێتی و ململانێی سیاسی چ لەسەر ئاستی پارچەکانی کوردستان و چ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هەر ناوچەیەو بۆخۆی زاراوەیەک بخوازێت و دابهێنێت و بەکاریبهێنێت.

**ڕێگاکانی چارەسەرکردنی کەلێنی فەرهەنگیی لەزمانی کوردیدا:**

لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا کۆمەڵێک ستراتیژو ڕێگاچارەمان باسکرد، کە زمانەکان بەگشتی بۆ چارەسەرکردنی کەلینی فەرهەنگیی پەیرەویدەکەن، لەم پارەدا هەموو ئەو ڕێگایانە باسدەکەین، کە بەشێکیان چارەسەری نازمانین و بابەتی کارگێری و بەڕێوەبردن و خەمخۆریی قسەپێکەران و لایەنی پەیوەندیدارن، بەشەکەی تریان چارەسەری زمانین و ئەو ڕێگایانەن، کە زمانی کوردی خستویەتییە بەردەم ئاخێوەرانی و لە زمانەکەدا پەیرەودەکرێن.

**٣/٢. چارەسەرە زمانییەکان :** لەزمانی کوردیدا کۆمەڵێک ڕیگا هەن بۆ چارەسەرکردنی زمانی کوردی، کە هەمان ئەو ڕێگایانەن، کە وشەو زاراوەی نوێیان پێ زیاددەکرێت، بەم شێوەیەی لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا خراوەتەڕوو:

sjh@univsul.edu.iq




هێڵکاریی ژمارە (١) ڕێگاچارەزمانییەکانی چارەسەرکردنی کەلێنی فەرهەنگیی لەزمانی کوردیدا

**٣/٢-١. دانانی وشەوزاراوە:** بەگشتی ئەم ڕێگایە بۆ دانانی وشە یان زاراوەیەک بۆ چەمکێکیان داهێنانێک یان بەرامبەر بە وشەو زاراوەیەکی بیانییە. ئەم دانانە ڕێگایەکی جیهانییەو بەپێی یاسا و پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی وشەنین لەزمانەکەدا، ئەمیش بۆ دوو ڕێگای تر پۆلێن دەکرێت:

**٣/٢-١-١. دانان و داهێنانی وشەی** نوێ بەرامبەر بە چەمکی نوێ، ئەم ڕێگایە لەکاتی دۆزینەوەو داهێنان پەیڕەودەکرێت کاتێک کەسێک شتێکی نوێ وەك ( نەخۆشی، شتێکی سروشتی، یاسایەک، ....) دەدۆزێتەوە بە ناوی خۆیەوە یان هەر ناوێک، کەخۆی بیەوێت، ناویدەنێت وەک ناونانی شوێنەکان لەکۆندا (سلێمانی، مەڵکەندی،...). ئەم ڕێگایەی دۆزینەوەیە، بەهۆی ئەوهۆکارانەی لە (١/٢)دا باسکران لە زمانی کوردیدا لە ئێستادا کەمە.

**٣/٢-١-٢. خواستنی وشە:** ئەم ڕێگایەش ڕێگایەکی باوە لەناو زمانەکانی دنیادا، وەک لەبەشی یەکەمدا نمونەکان خراونەتەڕوو، لەزمانی کوردیدا دیسانەوە بەهۆی ئەوهۆکارانەی لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا باسکران وایکردووە، لە ئەمڕۆدا ئەم ڕێگایە زۆر چالاکبێت و لەزۆربەی بوارو زانستەکاندا پشت بەخواستنی وشەو زاراوەی بیانی ببەستن، بەپێی کاریگەریی زمانەکان و سەرچاوەی ڕۆشنبیریی و بوارو بابەتی زاراوەکەش، زمانی سەرچاوەی زاراوەکانیش دەگۆڕیت (عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی،...)(بڕوانە، حسێن، ٢٠١٤ هەروەها عەبدولغەنی، ٢٠١٩)، ئەم ڕێگایەش بە دوو بەش پۆلێندەکرێت:

یەکەم/ وەرگرتن بەبگۆڕانکاریی کەمەوە، وەک ( کۆمپیوتەر، تەلەفۆن، ئینتەرنێت،....).

دووەم/ وەرگرتن بە گۆڕانکارییەوە، وەک ( تەیارە، سەیارە، سەرفترە، مزگەوت، سارا، ئازیز،.....)

**٣/٢-٢. سازکردنی وشەوزاراوە**: ئەم ڕێگایە پۆلێندەبێت بۆ دوو ڕێگای تر:

**٣/٢-٢-١. گۆڕینی واتا:** هەندێکجار بۆ دەربڕینی چەمکێک، وشەیەکی نوێ یان فۆرمێکی زمانی نوێ دادەڕێژرێت، بەڵکو واتای وشەیەکی پێشتر گۆڕانی بەسەردادێت و ئەو چەمکە نوێیەشی پێدەردەبڕدرێت، بەم شێوازانەی خوارەوە(حەسەن، ٣٩:٢٠١٠):

یەکەم/ گۆڕانی بنەڕەتی: لەمکاتەدا وشە هەبووەکە بەتەواوەتی واتاکەی دەگۆڕێت و بەواتاو چەمکە نوێکە بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە، وشەی (ئاهەنگ) پێشتر بەواتای ڕێککەوتن هاتووە، وەک لە نمونەکانی (هەماهەنگی یان هاوئاهەنگی)، ئەم واتایە لە دێرە شیعری گۆرانی شاعیر ( چەند بەئاهەنگ چەند سیحراوی - ئەگەڕێت قاز یا مراویی)دا دەردەکەوێت، بەڵام لە ئێستادا چەمکێکی تری لەخۆگرتووە، کە ئەویش (شایی/ حەفلە)یەو بەواتا کۆنەکەی بەکارنایەت، ئەمەش بریتییەلە نەووشەگەرایی/نیولۆجیزم لە زماندا (بڕوانە: کاکە حەمە، ٢٠٢٢)

دووەم/ نیمچەگۆڕان: لەم ڕێگایەدا وشەکە بەشێک لەواتاکەی دەگۆڕێت و بەواتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکاردەهێنرێت، لەهەمانکاتدا ئەوچەمکە نوێیەش دەردەبڕێت، کە لێیباردەکرێت، ئەمیش لەڕێگەی فراوانبوون و تەسکبوونەوەی واتاییەوە

1. فراوانبوونی واتایی : (چاو) لەئەندامێکی لەشەوە بۆ چاوی (غاز، عەلادیین، کامێرا، کۆنترۆڵ،... )یان (ڕەگ) لەڕەگی ڕووەکەوە بۆ زاراوەکانی (ڕەگی دان، ڕەگی دووجا، ڕەگی کردار، ڕەگوڕیشەی مرۆڤ)
2. تەسکبوونەوەی واتایی: (پێ، پۆز) پێشتر واتای هەموو قاچیان گەیاندووە، ئێستا یەکەمیان بەشی خوارەوەی قاچ، دووەمیان بەشت دواوەی خوار ئەژنۆی قاچ (بەلەک).

سێیەم/ بە ئیدیەمکردن. ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی بەبەرهەم و چالاکە لە زمانی کوردیدا، هەموو ئیدیەمەکان بەم ڕێگایە سازبوون و بوونەتە یەکەیەکی فەرهەنگی،( بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: ١.حسن،٢٠١٤. ٢. حسەین، ٢٠٠٧). بە نمونە (دەمشڕ، دەممرددوو، زمانلوس، دڵڕەق، دڵپیس، دەستپاک، ....) ژمارەیەکی زۆری میتافۆرمان هەیە کە بەرەو ئیدیەم دەڕۆن و ئەگەر لەفەرهەنگدا تۆمارکران دەبنە ئیدیەم، وەک نمونەکانی ( ڕادیۆیە – وایزانی ڕادیۆیە، هەمو ڕدیۆیەک قەرزارین-، لەبەینی دوو کەوانەدا، لۆ ماریٰ/جەمال لۆ ماری، شەبەکەی نییە، لەدەرەوی شەبەکەی، شەحنی تیادا نەماوە، کوژاوەتەوە، بە شەحنەوە هەڵواسراوە ......)

**٣/٢-٢. دروستکردنی وشە:** لێرەدا پەنادەبرێتەبەر دروستکرنی فۆرمێکی نوێ لە شێوەی وشەو زاراوەدا(مارف،وشەڕۆنان،٢٠١٤)، کە هەندێکیان یاساجڵەوگێرن و بەپێی پرۆسە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان دروستدەبن، هەندێکیشیان یاساگۆڕن و بەدەر لەو یاساو تەرزە مۆرفۆلۆژییانەی زمان دروستدەبن و بە داهێنان ناودەبرێن(ئەحمەد، ٨:٢٠١٠)، بەواتا بۆ دوو جۆر پۆلێندەبن:

**٣/٢-٢-١. داهێنان/ یاساگۆڕ:** ئەم ڕێگایە ئەم جۆرانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

یەکەم/ ئەنالۆژی **Analogy:** یەکێکە لەڕێگاکانی داهێنانی وشەو لەسەربنەمای بوونی وشەی ئەگەری کاردەکات، بۆ نمونە داڕشتنی وشەکانی (نوێگەر، ڕۆژنامەگەر، جادوگەر)، بەمڕێگایە سازبوون، بە ئەنالۆژی (مسگەر، زێڕنگەر، ئاسنگەر) چونکە ئەو پاشگەرە دەچێە سەر ناوی کانزا، نەک ئاوڵناو و شتی ناکانزا، بەهەمان شێوەش بۆ (چالاکەوان) کە لەسەرقاڵبی (مەلەوان، پاسەوان، شاخەوان،...) داڕێژراوە، بەڵام ئەو مۆرفیمە بەندە ناچێتە سەر ئاوەڵناو (ئەحمەد، ٢٠١٠: ٣٥).

sjh@univsul.edu.iq

دووەم/کورتکراوەکان Acronym : ئەو ڕێگایەی ناونان یان دەربڕینی چەمکە، کە دەنگ و پیتی یەکەمی چەند وشەیەک وەردەگرین بۆ دەربڕینی هەموو چەمکەکە، بۆ نمونە ( ی.ن.ک، پ.د.ک، پ.س.د.ک، پە.کە.کە، کاژیک،...) ئەم ڕێگایە لەزمانی کوردیدا بەزۆری بۆ دەربڕین و ئاماژەدان بە پارتە سیاسییەکان بەکاردەهێنریت.

سێیەم/ تێکەڵکردن Blending : لەمجۆرەدا برگەی یەکەمی وشەی یەکەم، لەگەڵ برگەی کۆتایی وشەی دووەم وەردەگیرێت و فۆرم و وشەیەکی نوێی لێدروستدەکرێت، وەکو (ڕۆڤار لە ڕۆژنامەو گۆڤارەوە، داییاب لە دایکو باوکەوە، قۆخهەنجیر لە قۆخ و هەنجیرەوە،..) وەرگیراون و بەرهەمهاتوون.

چوارەم/ پارچەکردن Clipping: لابردنی بەشیک لە وشەکەو کورتکردنەوەیەکی هەرەمەکیی و کردنی بە دوو برگەی کراوە، لەزمانی کوردیدا ئەم ڕێگایە ناوی تایبەتی پێپارچەدەکرێت، وەک ( مەحمود – خولە، نەسرین – نەسە، سۆزان – سۆزە، موستەفا – مچە، محێدین – محە، .....)

پێنجەم/ دروستکردنی گەڕاوە/وەگەڕاوە Back- formation: (مەحویی، ١٦٢:٢٠١٠)

ئەمیش بەهەمان شیوە یاسایەکی تایبەتی نییەو لە زمانی کوردیدا بەلابردنی بەشێکی کردارەکان و خستنەسەری مۆرفێمی (-ە) دروستدەبێت، وەکو ( گریە – لە گریانەوە، کردە – لەکردنەوە، بردە – لەبردنەوە، خۆرە – لەخواردنەوە، ...) بەرهەمهێنراون.

**٣/٢-٢-٢-٢. بەرهەمهێنانی وشەو زاراوە:** هەموو ئەو وشەو زاراوانەی لەڕێگەی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان و پرۆسە سینتاکسییەکانەوە سازدەبن، دەگرێتەوە، بۆ دوو بەش پۆلێندەبن:

**٣/٢-٢-٢-٢-١. پرۆسەمۆرفۆلۆژییەکان:** ئەوڕێگایانەن، کە لەڕێگەی تەرزە مۆرفۆلۆژییەکانەوە و بە پرۆسەمۆرفۆلۆژییەکان وسەو زاراوەی نوێ سازدەکەن، پۆلێندەبن بۆ:

یەکەم/ دارژاو: هەموو ئەو پرۆسەمۆرفۆلۆژیانەی کە لە بناغەیەک و مۆرفێمی بەند پێکدێت، بە تەرزە جیاوازەکانییەوە، پێیاندەوترێت دارێژراو، زمانی کوردی زمانێکی ئێجگار دەوڵەمەندەو خاوەنی ژمارەیەکی زۆری مۆرفیمی بەندی وشەدارشتنە(بۆ زنیاری لەسەر چالاکی مرفێمەبەندەکان بروانە: مستەفا،٢٠١٩). بەجۆرێک بۆ دارشتنی هەر پۆلێکی کراوەی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار)، دەستەیەک مۆرفێمی بەندی هەیە(مارف،٢٠١٤،وشەڕۆنان)، کە ڕەنگە لەزمانەکانی تردا هاوتای نەبیت، بۆ نمونە ئەگەر تەنیا ئەو مۆرفیمە بەندانەی ناوی نوێ سازدەکەن وەربگرین بریتیین لە:

1. ئەوانەی ناوی شوێن سازدەکەن ( -ستان کوردستان، دارستان،..... –گا/گە لەوەرگا، سەیرانگا، دادگا، پرسگە،... –دان خویدام، شەکردان، ئاگردان،.. –زار گوڵزار،لالەزار،.. -جاڕ نێرگزەجاڕ، -خانە چێشتخانە، کەبابخانە،... –وار شوێنەوار، -ەڵان بەردەڵان و کەندەڵان، .... (مارف، ٢٠١٤، ناو)
2. ئەوانەی ناوی پیشەوەر سازدەکەن (-چی بۆیاخچی، تەنەکەچی، خومچی،...، -ساز دانساز، چەخماخساز، فلیمساز،..، -گەر مسگەر، زێڕنگەر، ئاسنگەر،....، -کەر نانکەر، یاریکەر،...، -بەند ناڵبەند، کەمەربەند، دەستبەند، ..، -ەوان ئاشەوان، باخەوان، مەلەوان، ....،-وانە ملوانە، دەستەوانە، پاوانە، ...، -وا

نانەوا، -ەر نوسەر، دانەر، خوێنەر، بانگدەر، -دار دوکاندار، خەزنەدار،.. ، -یار جوتیار، گەشتیار، فرۆشیار، کریار،.، (ئەحمەد،٢٠١٠: ٣٤-٣٨).

3. ئەوانەی ناوی نابەرجەستە(ئەبستراکت) سازدەکەن: (-ی منالّی، جوانی، چاکی،...، -ایەتی برایەتی، دۆستایەتی، خزمایەتی،...، -ێنی کورێنی، بوکێنی،...)

4. ئەوپاشگرانەی ناوی بچوککراوە سازدەکەن: ( -کە، -ەکە،-ۆ، -ەک، -ۆک، -ۆکە، -وو، -ووک، -لە، -ڵە، -وولە، -ۆڵ، ۆڵە، -یلە، -ەڵ، -ەڵە -چە، -چک، -یلکە، -ولکە) گوڵنکە، ڕەشکە، درک، دەستە، چلە، گرینۆک، دەسڕۆکە، شێتۆکە، جوانوو، بچووک، مێرولە، جوجەڵە، دانوولە، ڕیشۆڵە. (ئەحمەد، ٢٠١٠: ٤٢).

5. ئەوانەی ناوی خواردن دادەڕێژن ( -ێنە نیسکێنە، ترخێنە، ماشێنە،...، -ینە دۆینە، -ەمەنی شیرەمەنی، پاقلەمەنی)

6. ئەوانی ناوی یاری دادەڕیژن ( -ێن هەلوکێن، خەتخەتێن، پەتپەتێن، هەڵماتێن،...، -کێ چاوشارکێ، _ی پێنجبەردیی، ....)

7. ئەوانەی ناوی دیاریکردنی ئاست و جۆری هزری دادەڕێژن ( -مەند بیرمەند، هۆشمەند، ....، -باز فێڵباز، تەڵەکەباز) . جگەلەمانەش مۆرفێمی تریشمان هەیە وەک (-ەوەر گیانەوەر، بونەوەر، زیندەوەر)

ئەم هەموو دەستە مۆرفێمانە تەنیا بۆ دروستکردنی ناون لەزمانی کوردیدا، کە بێگومان هەرەمەکی نین و بەکارهێنانی هەریەکەیان چەمک و واتای خۆی هەیەو کۆتوبەندی واتایی خۆشی هەیە، کە کەرەستەی توێژینەوەکانی داهاتوومان دەبن، بۆ نمونە، ئەو شوێنەی (-ستان) دروستیدەکات هەڵگری نیشانەی واتایی (فراوانی، چەسپیویی و نەگۆڕ)ییە، جیاوازە لەو شوێنەی (-گا) دروستیدەکات، کە نیشانەی واتایی (گۆڕاو، کاتیی) تێدایەو لە فراوانیشدا کەمترە، بۆ نمونە (کوردستان) شوێنی نەگۆڕو جێگیرو چەسپیوی کوردانە، دارستان بەهەمانشێوە، شوێنی چەسپیوو نەگۆڕی دارەکانە کە ڕەگیان لێداکوتاوە، نەک لێی دانرابن، بەڵام لەوەرگا ئاژەڵەکان لێیدەلەوەڕێن و دەڕۆن، پرسگە، پرسیاری لێدەکریت و دەرۆن، واتە هەموو ئەو شوێنانەی (-گا، _گە) سازی دەکەن کاتی و گۆڕاون.

دووەم/ لێکدراو : ئەم ڕێگایەش ڕێگایەکە لە پرۆسەمۆرفۆلۆژییەکانی هەڵگواستنی وشەو زاراوە(ئەحمەد،٢٠١١: ١٧-٢٠)، کە بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان دوو وشە لەیەکدەدرێن بۆ دروستکردنی وشەو زاراوەیەکی نوێ، بۆ نمونە (چاوشین، باڵابەر، بارەش، دلڕەق، دڵساف، زمانلوس، گابەرد، مارماسی، ژنبراو براژن ،سەرۆککۆمار، ...) ( بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: مارف، ناو، ٢٠١٤).

سێیەم/ لێکڕژان : ئەم ڕێگایە جۆرێکە لە تیکەڵەی هەردوو ڕێگاکەی تر، کە هەم مۆرفێمی سەربەخۆی تێدالە لەیەکدراوە، هەم مۆرفێمەبەندەکانیس بەشدارن لە سازکردنی ئەو وشە نوێیەی بەرامبەر بە چەمکە نوێکە دانراوە، وەکو (گوڵەبەرۆژە، دەمبەخەندە/دەمبەپێکەنین، لێوبەبار، چاولەدەر، ...)

**٣/٢-٢-٢-٢-٢. پرۆسە سینتاکسییەکان:** نەرمی و لەبارێتی زمانی کوردی و بەیەکداچوونی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس لەزمانی کوردیدا، کە ڕێگەی بەدروستبوونی مۆرفۆسینتاکس داوە(مەحویی، ٢٠٠٩)، هاوکات ڕێگایەکی تریشی خستۆتە بەردەم ئاخێوەرانی زمانەکە تابتوانن لەرێگەی سینتاکس و پرۆسە

سینتاکسییەکانەوە، وشەو زاراوەی نوێ دروستبکەن، ئەم ڕێگایە یەکێکە لە ڕێگا بەبەرھەمەکانی پڕکردنەوەی کەلێنی فەرھەنگیی لە زمانی کوردیدا، ئەم پرۆسەیەش لە ھەردوو فرێزی ناوی و فرێزی ڕستەدا ڕوودەدات، بەم شێوەیە:

یەکەم/ بەلێکسێمبوونی فرێزی ناوی: ( عبدالرحمن، ٢٠٢٢: ٧٥-٨٣) ئەم نمونانەی بەرھەمھێناوە :

١.فۆرم نەگۆڕاو/ آ- فرێزی خستنەپاڵ : زانکۆی سلێمانی، سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی ھەرێم، دادگای بەرایی، دادگای تێھەڵچونەوە، حکومەتی ھەرێم، ھەرێمی کوردستان، ماددەی ئەندامی، تەزووی کارەبا، ...

ب – فرێزی دیاریکەر: سەھۆڵەکە، بەریدەکە، دارەسوتاوەکە، شەکرەکە، دەبۆکە، ...


پ- فرێزی ئاوەڵناویی : ئەنجومەنی باڵا، ئەنجومەنی ناوەند، ڕاوێژکاری باڵا، کەناڵی سەربەخۆ، کۆمسیۆنی باڵا،

ت - فرێزی ئاوڵکرداریی/ دووبەدوو، سێبەسێ، دەستبەدەست، پشتاوپشت، دەستاودەست، ...

٢.فۆرمگۆڕاو: ئەم جۆرەیان لەبنەڕەتدا فرێزی بەلێکسیمبوونە، بەڵام لەکاتی بەلێکسیمبوونیدا فۆرمەکەی گۆڕاوە( بڕوانە سعید، ٢٠١٥: ٤٥-٥٠)، بەجۆرێك شوێنی ئاوەڵناوەکە گۆڕاوەو هاتووەتە پێشەوە، وەك ( ماری ڕەش - ڕەشمار، پیازی تەڕ- تەڕەپیاز، ماری زەرد - زەردەمار، ژنی شۆخ - شۆخەژن، گیای سەوز – سەوزەگیا)

دووەم/ بەلێکسیمبوونی فرێزی کرداریی: یەکێک لە ڕێساکانی زمانی کوردی ئەوەیە، کە سەرکۆتایە و کەرەستەی سەرەکی دەکەوێتە کۆتاییەوە، لەناو ڕستەشدا کردار کەرەستەی سەرەکی و ئارگۆمێنت داواکەرە، ھاوکات بەیەکداچوونی پێھاتەکانی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس کە لەسەرەوە باسمانکرد، ئەو نەرم و لەبارێتییەی داوە بە زمانی کوردی، کە بەپێی برۆسە سینتاکسییەکان ڕێگەبدات لەناو فرێزی کرداریشدا بەلێکسیمبوون ڕووبدات و وشەو زاراوەی نوێ بەم ڕێگایە سازبکرێت، بەجۆرێک کە ھەموو ڕستەکە لە یەک وشەدا کورتدەکرێتەوە، یەکێکێشە لە ڕێگا بەبەرھەمەکان بۆ سازکردنی وشەو زاراوەی نوێ، وەکو نمونەکانی (دانپێدانان، پێھەڵگرتن/پێلێھەڵگرتن، دەستلێھەڵگرتن/دەستپێلێھەڵگرتن، دەستبەسەرکردن، چاوپێداخشاندنەوە، کۆتوبەندکردن، پارەسپیکردنەوە، ھاوسەرگیریکردن، ھەرەشەلێکردن، خۆبەسەرداساخکردنەوە، چاوپێرونبوونەوە، خۆلێھەڵەکردن، خۆلێتوڕەکردن، خۆلێھەڵەکردن، پاساوبۆھێنانەوە، دەستتێوەردان، ...)

**٤/٢. ڕێگاچارە نازمانییەکان/ ڕاسپاردەو پێشنیاز:** جگەلە ڕێگاچارە زمانانییەکان کە باسکران، کۆمەڵێک ڕێگای تر ھەن کە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار پێویستە بگیرێنەبەر، تاوەکو ھاوتەریب و پاڵپشتی ڕێگا زمیانییەکان بن بۆئەوەی فەرھەنگی زمان بتوانێت لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییە خێرایانە ھەنگاوبنێت و ئەو کەلێنە فەرھەنگییانەی سەرھەڵدەدەن، چارەسەربکات، چونکە ڕێگا زمانییەکان چەند زۆربن و چەندیش چالاکبن بەبێ ئەم ھەنگاوو ڕێگا نازمانییانە ناتوانن وەک پێویست ھەنگاوبنێن، ھاوکات ھەر ئەم ڕێگاچارە نازمانیانە وەك پێشنیاز و ڕاسپاردەی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو، تاوەکو ناوەندە ئەکادیمییەکان و زانکۆ و حکومەت بتوانن، جێبەجێیانبکەن. ئەو ڕێگایانەس لە ھێڵکاریی ژمارە (٢)دا دەخەینەڕوو :




هێڵکاریی ژمارە (٢) ڕێگاچارە نازمانییەکانی کەلێنی فەرهەنگیی

**١-٤/٢. ڕێگاچارە کاتییەکان:** بۆئەوەی لەو سەربەخۆکارکردن و فرەزاراوەیی و پەرتەوازەییە دووربکەوینەوە، دەکرێت زانکۆ بەتایبەت زانکۆی سلێمانی، هەم وەک زانکۆی دایک و هەم وەکئەوەی لە پایتەختی ڕۆشنبیرییە، ئەم دوو هەنگاوە بنێت :

یەکەم/ دروستکردنی کۆمەڵێک لیژنەی دانانی زاراوە: داڕشتن و دانانی زاراوە بە تاکە کەسێکی ئەکادیمی ناکرێت، ئەگەر بشکرێت وەک پێویست سەرکەوتوو نابێت، چونکە بۆ دانانی زاراوە، هەم کەسێکی ئەکادیمی و پسپۆڕی بوارەکەی خۆی پێویستە، هەم کەسێکی پسپۆڕی زمانی کوردی لەگەڵ پسپۆڕو شارەزای ئەو زمانە بێت کە زاراوەکەی لێوەردەگیرێت، کەواتە پێشنیازدەکەین زانکۆی سلێمانی بۆ هەر بەشە زانستییەک لیژنەیەک لە سێ کەسی ئەکادیمی و سەلیقەداری زمان، پێکبهێنێت، تاوەکو هەر بەشەو زاراوە تایبەتەکانی بەشە زانستییەکەی خۆی وەربگێڕێت و دابڕێژێت.

دووەم/ بە مەبەستی هاندان و بۆ ڕێزگرتن لە ماندووبوونی ئەو لیژنەیە، دەکرێت هەموو ڕێژەیەک لە زاراوە (بۆ نمونە ٣٠ زاراوە)، وەک ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بۆ لیژنەکە بەمەبەستی پلەبەرزکردنەوەی زانستی، هەژماربکرێت.

سێیەم/ تۆمارکردن و نووسینەوەی زاراوەکان و چاپکردنیان، هاوکات دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان بەشەکانی زانکۆ، لەگەڵ وەزارەتەکان و ناوەندەکانی پەخش و بڵاوکردنەوەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەمەبەستی بەکارهێنان و ڕۆیشتن و چەسپین و یەکخستنی زاراوەکان. بەمەش زانکۆی سلێمانی خزمەتێکی گەورەی زمانی کوردی دەکات و پێشەنگی خۆشی وەک میراتگری نالی و سالم و کوردی دەپارێزێت.

**٢-٣/٢. ڕێگاچارە درێژخایەنەکان :** کۆمەڵێک ڕێگاچارەی تر هەن کە لەمەودای دوردا دێنەبەرهەم و پێویشتییان بەبەردەوامی هەیەو ئەرکی ناوەندە ئەکادیمی و کارگێرییەکان و پاڵپشتیو پشتیوانی حکومەت هەیە، کە بریتین لە:

یەکەم/ ناوەندە ئەکادیمییەکان: زۆر گرنگە ناوەندە ئەکادیمییەکان پشتگیری بکرێن و چالاکبکرێن، تاوەکو ئەم کارانەی خوارروەوە ئەنجامبدەن :

1 . ئەنجامدانی توێژینەوەی بەردەوام لەسەر ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی لە زانستەجیاوازەکاندا ڕوودەدات، تاوەکو بتوانرێت وشەی نوێ بەرامبەر بەو چەمکانەی زادەی گۆڕانکارییەکانن، دابنرێت.

2 . ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانستی بەردەوام، بەمەبەستی ا- هاندانی توێژینەوەو دروستکردنی هەماهەنگی و ئاگاداربوون لە هەنگاو و گۆڕانکارییەکان. ب – ساخکردنەوەی ئەو بابەتە کێشەدارانەی لەزمانی کوردیدا لەنێوان توێژەراندا کێشەی لەسەرە، لەڕێگەی توێژینەوەی زانستی و یەکخستنی بۆچوونەکان، دوای بەدەستهێنانی ئەنجامەکان، دواتر پەخشکردن و پەیڕەوکردنی.

3 . بەشدار و سەرپەرشتیکردنی ئەوکارانەی حکومەت لەبواری نووسینەوەی فەرهەنگ و زماندا ئەنجامیدەدات.

**دووەم/ حکومەت و لایەنی کارگێڕی:** پێشنیازدەکەین و زۆر گرنگە حکومەت لەم قۆناغەدا دەستەیەکی باڵای زمانی کوردی دابمەزرێنێت، کە ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێباکات:

1 . دامەزراندنی ناوەند یان بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی نووسینەوەی فەرهەنگی کوردی. یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکان نووسینەوەی فەرهەنگێکی کوردییە، چونکە تا ئێستا فەرهەنگێکی کوردیمان نییە، کە لەسەر بنەماکانی زانستی زمان و فەرهەنگ نووسراب و ئامادەکرابن، ئەوانەی هەن بەگشتی هەوڵی دڵسۆزی و خەمخۆری تاکەکەسییە. نووسینەوەی فەرهەنگیش کارێکی ئاسان نییە و بە حکومەت و پاڵپشتی حکومەت و هەوڵی تەواو و تیمی ڕاهێنراو نەبێت، سەرکەوتوو نابێت. ئەرکی ئەم دامەزراوەیە لە ڕێگەی تیم و کەسانی ئەکادیمییەوە، پلان و هەنگاوەکانی نووسینەوەی فەرهەنگ دەستپێبکات و تیمی ڕاهێنراوی زانستییانە بۆ سەرجەم گوندو ناوچەکانی کوردستان بنێرێت، ئەگەر لەتوانادا هەبێت پارچەکانی تری کوردستانیش، یاخود دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ تیمی خۆبەش و ناوەندە ئەکادیمییەکانیان. ئەمەش بەسوودبینین لە تەکنەلۆژیاو دانانی پرۆگرام چێدەبێت، پاشان کردنی بە ئەپێک بۆ ئاسانیی بەکارهێنان و سودلێبینینی لەلایەن بەکارهێنەرانییەوە.

2 . دامەزراندنی ناوەندێکی زاراوەدانان بەمەبەستی وەرگێران و دانانی سەرجەم زاراوە زانستییە کۆن و نوێکان.

3 . بەدواداچوونی کارەکان و هاوکات بەردەوام پێداچوونەوەو نوێکردنەوەی فەرهەنگی کوردی و فەرهەنگی زاراوەکانیش.

4 . دەرکردنی بڕیارو ڕێنمایی، بۆ پابەندبوونی ناوەندەکانی پەخش و بڵاوکردنەوەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ ئەو ئەنجامانەی بەدەستیدەهێنن.

**ئەنجام:**

1 . دیاردەی کەلێنی فەرهەنگی دیاردەیەکی گشتی و جیهانییە، لە هەموو زمانەکاندا وەك دیاردەیەکی سروشتی هەیە و بۆ هیچ زمانێك کەموکورتی و نەنگی نییە.

2 . هۆکاری زۆریی کەلێنی فەرهەنگیی لەناو زۆرێک لە بوارە زانستییەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە نازمانیانەی کە بەسەر ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا هاتووەو کاریگەری لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی هەیە، نەک بە هۆکاری زمانی پەیوەست بە یاساو پرۆسە زمانییەکانەوە سەریهەڵدابێت.

3. زمانی کوردی ڕێگاگەلێکی زۆری خستووەتە بەردەم ئاخێوەرانی تاوەکو بتوانێت وشەو زاراوەی نویی بەبەردەوامی پێدابڕێژێت، پرۆسەزمانییەکانیشی وردەکاریی زۆری تیایە تاوەکو بەوردی چەمکە نوێکەی پێدەرببڕێت، بەمەش دەتوانرێت کەلێنی فەرهەنگیی، لە گشت بوارەکاندا کەمکبکرێتەوەو کورد بە زمانی کوردی گوزارشت لە سەرجەم کایەو بوارە جیاوازەکانی بکات.
4. لەناو ڕێگا چارەکانی کەلێنی فەرهەنگیی، ڕێگای (خواستن، بەرهەمهێنان بە پرۆسە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان) لە ڕێگا هەرەچالاکەکانن بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگیی لەزمانی کوردیدا.
5. ڕێگاچارە زمانییەکان بەتەنیا بەرهەمی ئەوتۆیان نابێت ئەگەر ڕێگاچارە نازمانییەکانیش نەگرینەبەر.
6. دامەزراندنی دەستەی زمانی کوردی، دەستکردن بەنووسینەوەی فەرهەنگی کوردی و دانانی زاراوەکان، لە کارە هەرە گرنکەکانە بۆ خەمخۆرانی زمانی کوردی، کە دەبێتە شانازییەکی گەورە بۆ ئەو بەرپرسەی دەست بەم کارو پرۆژە گەورەیە دەکات.

**سەرچاوەکان:**


- ئەحمەد، ئەرمین عومەر، بەبەرهەمی لە مۆڕفۆلاۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، ٢٠١٠.
- ئەحمەد، بێستون حەسەن، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لەزمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.
- مەحویی، محەممەدی مەحویی، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،٢٠١٠.
- مستەفا، ڕەزا مستەفا، پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەربنەمای چالاکی و سستیی ئەمڕۆ لەزمانی کوردیدا، تێزی دکتورا، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، ٢٠١٩.
- محمد، بژوێن یەحیا، نواندنی فەرهەنگی لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، ٢٠١٦ .
- مارف، ئەوڕەحمانی ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، واتاسازی، بەشی یەکەم (ناو)، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەلێر، ٢٠١٤.
- مارف، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەلێر، ٢٠١٤.
- عەتا عەلی کاکە حەمە، نەووشەگەرایی لە راگەیاندنی کوردیدا- میدیای بینراو بە نمونە، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢.
- عەبدولغرنی، سۆزان سەعدوڵلا، وەرگرتنو بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نوسیندا، ، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، ٢٠١٩.
- عبدالرحمان، مصطفی حمە، دروستەو دەرکردە واتاییەکانی پرۆسەی لێکدان لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، ٢٠٢٢.

- سەعید، محمد مجید، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیمبوون، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، ٢٠١٥.
- حەسەن، فەرهاد تۆفیق، پەیوەندییە واتاییەکانو هەندێک دیاردەی واتایی لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠.
- حەسەن، ساکار عەدبولا، خۆخزانی وشە بۆ ناو ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، ٢٠١٤.
- حسێن، جوانە احمد، زاراوەو واتای زاراوە لە وتاردا، تێزی دکتۆرا ، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، ٢٠١٤.
- Aitchison, J. (2012). *Words in the Mind: An Introduction to the Mental Lexicon* (4th ed.). Wiley-Blackwell.
- Anderson, B. (2015). *Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism*. Verso.
- Baker, M. (1992). *In Other Words: A Coursebook on Translation*. Routledge.
- Bauer, L. (2001). *Morphological Productivity*. Cambridge University Press.
- Bender, E. M., & Koller, A. (2020). Climbing towards NLU: On Meaning, Form, and Understanding in the Age of Data. *Proceedings of the 58th Annual Meeting of the Association for Computational Linguistics*, 5185-5198.
- Bybee, J. (2015). *Language Change*. Cambridge University Press.
- Comrie, B. (1989). Language Universals and Linguistic Typology: Syntax and Morphology (pp. 92-97). University of Chicago Press.
- Cowie, A. P. (1999). *English Dictionaries for Foreign Learners: A History*. Oxford University Press.
- Crystal, D. (2010). The Cambridge Encyclopedia of Language. Cambridge University Press.
- Evans, N., & Levinson, S. C. (2009). "The Myth of Language Universals: Language Diversity and its Importance for Cognitive Science." Behavioral and Brain Sciences, 32(5), 429–492. (pp. 431-435).
- Görlach, M. (2002). *A Dictionary of European Anglicisms: A Usage Dictionary of Anglicisms in Sixteen European Languages*. Oxford University Press.
- Haspelmath, M. (2009). "Lexical Gaps: A Cross-Linguistic Perspective." *Linguistic Typology*, 13(2), 157-193.

- Hassanpour, A. (1992). *Nationalism and language in Kurdistan, 1918–1985*. Mellen Research University Press.
- Haugen, E. (1950). "The Analysis of Linguistic Borrowing." *Language*, 26(2), 210-231.
- Kenstowicz, M. (1994). Phonology in Generative Grammar (pp. 75-80). Blackwell.
- Lakoff, G. (1987). *Women, Fire, and Dangerous Things: What Categories Reveal About the Mind*. University of Chicago Press.
- Lehmann, W. P. (1992). *Historical Linguistics: An Introduction*. Routledge.
- Matras, Y. (2009). *Language Contact*. Cambridge University Press.
- Matthews, P. H. (1991). Morphology (pp. 55-60). Cambridge University Press.
- McMahon, A. (1994). Understanding Language Change (pp. 130-135). Cambridge University Press.
- Newmark, P. (1988). *A Textbook of Translation*. Prentice Hall.
- Plag, I. (2003). *Word-Formation in English*. Cambridge University Press.
- Sapir, E. (1929). "The Status of Linguistics as a Science." Language, 5(4), 207–214. (pp. 210-212).
- Trask, R. L. (2007). *Language and Linguistics: The Key Concepts*. Routledge.
- Wierzbicka, A. (1997). Understanding Cultures Through Their Key Words: English, Russian, Polish, German, and Japanese (pp. 35-40). Oxford University Press.
- Winford, D. (2003). *An Introduction to Contact Linguistics*. Wiley-Blackwell.
- Zipf, G. K. (1949). Human Behavior and the Principle of Least Effort: An Introduction to Human Ecology (pp. 20-25). Addison-Wesley.



**Abstract**

This research, titled "Overcoming Lexical Gaps in the Kurdish Language," examines the phenomenon of lexical gaps, particularly the absence of specific terms or expressions within the Kurdish language to describe concepts or objects that exist in other languages. Lexical gaps emerge due to various factors, such as cultural, social, and environmental influences. While many reasons contribute to the existence of these gaps, it is a misconception to attribute them solely to external factors, such as a lack of scientific development in the Kurdish language. This view often reflects a limited understanding of both linguistics and

Kurdish culture. The second part of the research delves into the extent of lexical gaps in Kurdish, identifying their specific causes, and offering practical solutions for addressing them. Additionally, the study outlines linguistic strategies and procedures that can be employed to resolve these gaps and enrich the Kurdish lexicon.

**الملخص**

يتناول هذا البحث المسمى "تجاوز الفجوات المعجمية في اللغة الكردية"، ظاهرة الفجوات المعجمية، ولا سيما غياب مصطلحات أو تعابير محددة في اللغة الكردية لوصف مفاهيم أو أشياء موجودة في لغات أخرى. تنشأ الفجوات المعجمية نتيجة عوامل مختلفة، مثل التأثيرات الثقافية والاجتماعية والبيئية. وهناك أسباب عديدة لنشوء هذه الفجوات؛ لذا فإن إرجاعها إلى عوامل خارجية فقط، كعدم التطور العلمي في اللغة الكردية، هو مفهوم خاطئ. تعكس هذه الرؤية غالبًا فهمًا محدودًا لكل من علم اللغة والثقافة الكردية. يبحث الجزء الثاني من البحث في مدى الفجوات المعجمية في اللغة الكردية، ويحدد أسبابها المحددة، ويقدم حلولاً عملية لمعالجتها. بالإضافة إلى ذلك، تُحدد الدراسة الاستراتيجيات والإجراءات اللغوية التي يمكن استخدامها لحل هذه الفجوات وإثراء المعجم الكردي.

sjh@univsul.edu.iq